گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI: https://doi.org/10.26750/mgfvx469

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 11/07/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 14/09/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکانی منداڵانی توشبو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم و پەیوەندی بە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆئازاردان لەڕوانگەی ڕاهێنەران لەسەنتەرەکانی ئۆتیزم

کارۆخ جوهر جلال
karokh.jalal@su.edu.krd
بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی پێوانەکردنی ئاستی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکانی منداڵانی توشبو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم و پەیوەندی بە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆئازاردانە لەڕوانگەی ڕاهێنەران لەسەنتەرەکانی ئۆتیزم لە سەنتەری پارێزگای هەولێر. لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی پەیوەندیدار بەکارهاتوە. دوای پێداچونەوە و خوێندنەوەی توێژینەوەکانی پێشو توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی پێوەرەکان بە سودوەرگرتن لەپێوەری (فاینلاند،1984) بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و پێوەری (هیام،2023) بۆ ڕەفتاری خۆئازاردان.کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتین لە ڕاهێنەرانی چارەسەرکاری ڕەفتاری منداڵانی ئۆتیزم لە سەنتەرەکان بۆساڵی ئەکادیمی (2024-2025). نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (40) ڕاهێنەر: (29) مێ، (11) نێر. بۆ دەرهێنانی تایبەتمەندی سایکۆمەتری (ڕاستگۆی و جێگیری) ڕێگای دابەشکاری نیوەیی و هاوکێشەی Cronbach's alpha و ئامرازی ئاماری (t-test) هاوکۆلکەی هاوپەیوەندی پێرسۆن بەکارهاتوە لەڕێگەی بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ دەرهێنان و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخست: جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندەژمێری و ناوەندی گریمانەیی لە بەرژەوەندی ناوەندە ژمێریدا ئەمەش ڕونیدەکاتەوە کە ئاستی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکانی (بیستن و بینین و بەرکەوتن و تامکردن و بۆنکردن) بەرزە لەلای منداڵانی ئۆتیزم بەپێی ئاستی توشبونیان لەڕوانگەی نمونەی توێژینەوەکە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر پلەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و زیادبونی ڕەفتاری خۆئازاردان، سەبارەت بە زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان دەرکەوت ئەنجامی پەیوەندییەکی ئاماری ڕاستەوانەی بەهێز هەیە بەئاستی ئاماژەی (0.05) لەنێوان تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان و ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی ئۆتیزم، ئەنجامی پەیوەندیەکی پێچەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی) واتە هەرچەندە ئاستی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان زیادبکات لەبەرامبەردا ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی نزم دەبێت و ئاستی کێشە ڕەفتارییەکان لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم زیاددەکات، بە پێچەوانەوە بە چالاکبونی پرۆسێسە هەستییەکان ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی باشتر دەبێت و ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردان منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم نزم دەبێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێکی بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتو پێشنیار کرد.

**کلیلە وشە**:پرۆسێسە هەستییەکان، پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی، ڕەفتاری خۆئازاردان، ئۆتیزم.

# Sensory Processing Disorders in Children with Autism Spectrum Disorder and its Relationship to Social Maturity and Self-injurious Behavior from the Perspective of Trainers in Autism Centers.

**Karokh Jawhar Jalal**

Department of Special Education, College of Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The aim of study is to determine the measurement of the level of sensory processing disorders in children with autism spectrum disorder and its relationship to Social Maturity and self-injurious behavior from the perspective of trainers in autism centers in Erbil Governorate. In this study, the descriptive correlational approach was utilized. After reviewing and examining previous studies, the researcher proceeded to prepare the criteria by utilizing the criteria of (Finland,1984) for social maturity and the criteria of (Hiam,2023)for self-injurious behavior. The study population consisted of behavioral therapy trainers of autistic children for the academic year of 2025–2024. The study sample consisted of(40) trainers for autistic children as follows:(29) females and (11) males. To extract psychometric properties (validity and reliability) of the instruments, statistical procedures including t-test were conducted using(SPSS)software to analyze the results: there is a significant statistical difference between the arithmetic mean and the hypothetical mean in favor of the arithmetic mean, which clarifies that the level of sensory processing disorders is high in autistic children according to their levels of involvement from perspective of the study sample. Regarding determining the level of relationship between variables, it was found that there is a strong Positive statistical correlation at the indicator level($p<.05$) between sensory processes disorders and self-injurious .it was found that there is a strong Negative statistical correlation between sensory processes disorders and Social Maturity in children with autism. Given the results, the researcher made some recommendations for future studies.

**Keywords**: Sensory processing, Social maturity, Self-injurious behavior, Autism.

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە:

### کێشەی توێژینەوە

زۆرێك لە تیۆر و لێکۆڵینەوە دەرونی و پەروەردەییەکان پشتڕاستیان کردۆتەوە کە قۆناغی منداڵی یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی گەشەکردن، لە ئەنجامدا هەر تێکچونێك لەم قۆناغەدا ڕوبدات دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر هەمو لایەنەکانی گەشەکردن لە قۆناغەکانی دواتر، لەم قۆناغی گەشەکردنەدا زۆرجار منداڵان بە هۆکارێک توشی جۆرێک لەپەککەوتەیی یان بارودۆخێک دەبن کە کاریگەری لەسەر گەشەکردنیان دەبێت، لە دیارترین ئەو شڵەژان و نەخۆشیانەی کە توشی منداڵان دەبێت لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانیاندا و ڕێگری لە گەشەکردنیان دەکات لە بوارە جیاوازەکاندا توشبونی منداڵە بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم، شەبەنگی ئۆتیزم یەکێکە لەدژوارترین کۆمەڵەکانی خاوەنپێداویستی تایبەت، نیشانە و تایبەتمەندییەکانی شەبەنگی ئۆتیزم لەتەمەنی سێ ساڵی یەکەمی قۆناغی منداڵی بەدیاردەکەوێت لە ئەنجامی تێکچونی کارکردنی سیستەمی دەماری ناوەندی لە مێشك (هیام،2023:33).

ئەنجامی زۆرێك لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم زۆرتر توشی کێشە و تێکچونی پرۆسێسی هەستیاری دەبن بەجۆرێك لە نێوان (67% بۆ 95%) کێشەیان هەیە لە (پرۆسێسی بیستن، بینین، بۆنکردن و هەستی بەرکەوتن، فرە هەستیاری، و هەستیاری زارەکی) ئەنجامی توێژینەوەکان دەریدەخەن کە تێکچونی پرۆسێسی هەستیاری کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر کارایی کارامەییەکانی ژیان و چالاکی ڕۆژانە، کارامەیی کۆمەڵایەتی، یاری، کات بەسەربردن، کارکردن و دواکەوتنی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییان(العنزي،2013:23).

سەرەڕای گرنگی پێدانی هەندێك لە توێژینەوەکان بۆ زانینی پەیوەندی نێوان تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم ئەنجامەکانیان بەم شێوەیە دەرکەوتون کە تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان پەیوەندیی ئەرێنی بە پێگەیشتن کۆمەڵایەتی و توانای کارامەیی گونجاندن نزمە وەکو توێژینەوەی (Kojovic et al,2019) و توێژینەوەی (عبداللە وئەوانی تر، 2022) هەروەها بۆ زانینی پەیوەندی نێوان تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان و ڕەفتاری خۆئازاردان هەندێک لەتوێژینەوەکان دەریانخستوە، کە پەیوەندییەکی نەرێنی هەیە لەڕوی ئامارییەوە لە نێوان پرۆسێسە هەستییەکان و ڕەفتاری خۆئازاردان وەکو توێژینەوەی (ابراهیم،2023) و توێژینەوەی (هیام،2023). توێژینەوەی (الحلو،2021) ئاماژە بەوەدەکات کە هیچ پەیوەندییەکی ئاماری لە نێوان پرۆسێسی هەستیاری و کێشەکانی ڕەفتار لە منداڵانی توشبو بە تێکچونی شەبەنگی ئۆتیزمدا نییە. هەروەها لە توێژینەوەکان پلەی بڵاوبونەوەی ئاستە جیاوازەکانی تێکچونی هەستەکانی شەبەنگی ئۆتیزم نەخراونەتەڕو، جگە لە توێژینەوەی (عبداللە و ئەوانی تر،2022) و توێژینەوەی(Tavakoli ،2018 et al).

دەرئەنجامی چەندین لێکۆڵینەوەی پێشو دەریانخستوە، کە منداڵانی توشبو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم دەناڵێنن بەدەست ئاستەنگ و تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان: وەکو توێژینەوەی (ابراهیم،2023) و توێژینەوەی (هیام،2023). تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر توانای منداڵی ئۆتیزم ئەمەش بەدیاردەکەوێت لە کارامەیی ژیانی ڕۆژانە و یاریکردن و کارامەیی وەرگرتن و فێربون. ئەم شڵەژان و تێکچونە پرۆسێسە هەستیانە هۆکاری کەموکورتییە لە پرۆسەی وەرگرتن و ڕێکخستنی زانیاری بەشێوەیەکی نارێك و دژ بەیەك ئەمەش دەبێتە هۆی کێشەی ڕەفتاری و دروستبونی بارودۆخی جیاواز کە کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی منداڵی ئۆتیزم کە خۆی لەچەندین شێوە و وەڵامدانەوە جۆراوجۆر دەبینێت وەکو (قژڕاکێشان و سەرکێشان بە دیوار و هاوارکردن بەبێ هۆکار، و هەستنەکردن بە کەسانی دەوروبەر، ڕۆیشتن لەسەر نوکی پێیەکانی، جوڵەی دوبارە، نەبونی کارامەیی بەرەنگاربونەوە) زیانی ئەم کاردانەوانەش لە ڕەفتاریان دەستبەجێ دەردەکەوێت دەبێتە

هۆی هەڕەشە و مەترسی لەسەر سەلامەتی ژیانی منداڵانی ئۆتیزم. هەروەها بونی کێشەی ڕەفتاری خۆئازاردان و لاوازی ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی کێشەی گەورەن لەلای منداڵی ئۆتیزم، هۆکاری ئەم گرفتانەش بە ڕێژەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە منداڵی شەبەنگی ئۆتیزم ناتوانن زانیاریەکانی مێشك بەشیوەیەکی دروست لێکبدەنەوە وەکو منداڵی ئاسایی، دەرئەنجام وەڵامدانەوەی نەگونجاوی ناکاریگەری هەستی لە هەڵسوکەوتیان بەدیاردەکەوێت و ناتوانن ڕەفتاری خۆگونجاندن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کاریگەر دروست بکەن وەك پێویست، ئەمەش وادەکات پێوستیان بە بەرنامە و پرۆگرام و چالاکی و ڕاهێنانی تایبەتی جۆراوجۆر هەبێت. لەسەر بنەمای کێشەی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم پرسیارەی خوارەوە دەخاتەڕو:

1-ئایا تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان کاریگەری هەیە لەسەر پلەی لاوازی ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم؟

## گرنگی توێژینەوە:

پرۆسەی هەستی پرۆسەیەکی دەماری سروشتییە لە ڕێگەی وەرگرتنی زانیاری لە جەستە و ژینگەی تاك ڕودەدات، یارمەتیدەرە بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکان و بەکارهێنانیان بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی وەڵامی گونجاو بۆ کاردانەوە جیاوازەکان، هەروەها لە نارێکی پرۆسەی هەستیدا مێشك بە زەحمەت وەرگرتن و وەڵامدانەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە وەریدەگرین لێکدەداتەوە، ئەو منداڵانەی تێکچونی پرۆسەی هەستیان هەیە ڕوبەڕوی هەستیارییەکی زۆر دەبن بەرامبەر بە شتەکانی دەوروبەریان بۆ نمونە (دەنگە باوەکان، دەست لێدان، هەندێك جوڵەیی خۆنەویستی) وەکو (نەبونی هەماهەنگی کۆنترۆڵ، بەشدارینەکردن لە گفتوگۆ، نەبونی کارلێکی کۆمەڵایەتی) (الشطی،2017 :515) .

پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەدەستدێت لەڕیگەی ئاستی کارامەیی کۆمەڵایەتی و بەپێی کۆمەڵێک پێوەر کە پەیوەندی هەیە بە قۆناغەکانی گەشەی تەمەنەوە، هەروەها پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی پێوەرێکە بۆ لێهاتویی گەشەسەندنی تاك و پەیوەندی نێوان کەسەکان و چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان (Gupta،2014). (Kegan) پێیوایە کە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکاندا گەشە دەکات، هەروەک چۆن پێگەیشتنی مەعریفی لە تێگەیشتنێکی سادەترەوە بۆ تێگەیشتنێکی ئاڵۆزتر لە جیهانی کۆمەڵایەتی گەشە دەکات. واتە تاك بۆ ئەوەی بتوانێت ئاستێکی بەرزی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت، بە تێگەیشتنێکی سادە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و هەستەکان دەست پێدەکات، پاشان بابەتەکە گەشە دەکات تاوەکو تاك توانای بیرکردنەوەی ئەبستراکت و تێگەیشتن لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بە ڕونیتر دەبێت. (عبدالله و ئەوانی تر،50:2022)

ڕەفتاری خۆئازاردان پەیوەندی بە چەندین دەستنیشانکردنی دەرونی و تێکچونی گەشەکردنی وەک شەبەنگی ئۆتیزم و شڵەژانی تۆرێتەوە هەیە، هەروەها خۆئازاردان لە نەخۆشیە دەرونییەکانی وەکو شیزۆفرینیا و نەخۆشی وەسوەسەی قەهری دەبینرێت، خۆئازاردان و دەستدرێژی و لادان لە کەسایەتیەکی تێکچو ڕودەدەن. هەروەها خۆئازاردان لە شێوەی ڕەفتارە ناچارییەکان وەکو (قژ ڕاکێشان و پێست هەڵگرتن و گازگرتن و لێدان و هاوارکردن و ڕەفتاری دوبارەی خۆنەویستانە) بە ڕەفتاری نەگونجاو و تێکچونی ڕەفتاری شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم دادنرێت (أبراهيم،97:2023).

## گرنگی تیۆری:

1-ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی پرۆسەی هەستی وتیشك خستنەسەر پرۆسە هەستییەکان لەبەرئەوەی یەکێکە لە بەربڵاوترین و کێشەکانی منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

2- ئەم توێژینەوەیە یەکێکە لەو توێژینەوانەی کە کاریگەری تێکچونی پرۆسێسی هەستیاری لەسەر پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆئازاردان لە لای کەسانی توشبوی شەبەنگی ئۆتیزمی خستۆتە ڕو، درێژکراوەی بنەمای تیۆری توێژینەوەکانی پێشوە و

تەواوکەری ئەوانە، کە باسیان لە گۆڕاوەی تێکچونەکانی پرۆسێسی هەستیاری و کاریگەرییەکانی لەسەر پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کێشە ڕەفتارییەکان کردوە.

**گرنگی کرداری:**

1-ئەم توێژینەوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕاهێنەران و پسپۆڕانی پەروەردەی تایبەت و شارەزایان بۆ جێبەجێکردنی پلان و پرۆسەی پەروەردەی تاکی کە کاریگەری دەبێت لەسەر زانینی ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

2- هاندانی توێژەران بۆ بنیادنان و پەرەپێدانی بەرنامەکانی پەرەپێدانی یەکگرتنی هەستیاری بۆ منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ئاستە جیاوازەکاندا،کە یارمەتیان دەدات بۆ کۆنترۆڵکردنی تێکچونەکانی پرۆسێسی هەستیاری و لەهەمان کاتدا دورەپەرێزی کۆمەڵایەتی و کێشە ڕەفتارییەکانیان کەم بکەنەوە بۆ ئەوەی لێهاتویی کۆمەڵایەتییان گەشە بکات و پێگەیشتوتربن.

**ئامانجی توێژینەوە:**

1-زانینی ئاستی ڕێژەی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان لەلای منداڵانی شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

2- زانینی ئاستی نمرەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

3- زانینی ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

4- زانینی ئاستی پەیوەندی پرۆسێسە هەستییەکان و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی ئۆتیزم.

**سنوری توێژینەوە:**

1- سنوری مرۆیی: ڕاهێنەرانی سەنتەری ئۆتیزم

2- سنوری شوێنی: سەنتەری گەشبین _ سەنتەری هانا – سەنتەری ئۆتیزم لە سەنتەری پارێزگای هەولێر

3- سنوری کاتی: وەرزی دوەم - ساڵی خوێندنی 2024-2025

**دیاریکردنی چەمکەکان:**

**یەکەم: تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان:**

1-پێناسەی (عبدالخالق والبهنساوی،2021): بێتوانایی تاکە لە (ڕێکخستن، هەماهەنگی، یەکخستنی هەست) دەبێتە هۆی هەڵسوکەوت و وەڵامی هەستی نەگونجاو بۆ بارودۆخەکە، هەندێك جار وەڵامی هەستی تاك لە نێوان کاردانەوەی زیادەڕەوی و لاوازبونی سیستەمێك یان وروژێنەرێکی هەستی دیاریکراو دەگۆڕێت (عبدالخالق و البهنساوی، 44:2021)

2- پێناسەی (جلال، 2019): حاڵەتێکی دەمارییە، ئاماژەیە بۆ بونی کەم و کورتی لە پرۆسەی هەستی و نارێکی لە مامەڵەکردنی ئەو زانیاریانەی کە دێنە مێشك کە لە هەستە جیاوازەکانەوە بەدی دەکرێت لەوانەش (بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، بەرکەوتن) (جلال، 2019 :21)

-**پێناسەی تیۆری تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان**: بێتوانایی تاکە لە ڕێکخستن و یەکخستن پرۆسێسی هەستی کە دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی ناپەسەند و کاردانەوەی نەگونجاوی هەستی (أبراهیم، 2023: 18).

-**پێناسەی ڕێکاری تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان**: بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی کە ڕاهێنەرانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم بەدەستیدەهێنن لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەری تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان.

**دوەم: پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی:**

**1**-پێناسەی (VandenBos, 2015): گونجاندنی ڕەفتارە لەگەڵ دابونەریت و کۆمەڵگا و ڕێزگرتنە لە پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکانی تر لە هەمانکاتدا (VandenBos, 2015; 999).

2- پێناسەی (Ganaie et al,2015): توانای تاکە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان بە شێوەیەکی گونجاو لە ڕێگەی تێگەیشتن لە یاسا ستانداردە کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنێك و کلتورێکی دیاریکراو و توانای بەکارهێنانی بە شێوەیەکی کاریگەر ( Ganaie et al,2015: 16)

**-پێناسەی تیۆری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی:** پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ گەیشتنی تاك بە قۆناغی گونجاندن و سازان و دروستکردنی پەیوەندیەکی کارلێك لەگەڵ هەمو چین و توێژەکانی دەوروبەری لە کۆمەڵگە بەشێوەیەکی کارامە(عبدالله و ئەوانی تر، 18:2022).

**-پێناسەی ڕێکاری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی:** بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی کە ڕاهێنەرانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم بەدەستیدەهێنن لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی.

**سێیەم : ڕەفتاری خۆئازاردان:**

**1-پێناسەی** (سليمان،2012): ئەو کردارانەیە کە زیان بە جەستە دەگەیەنن لەوانە (لێدانی سەر، گازگرتن، کەوتن، کێشان بە دەم و چاودا) لە هەندێك حاڵەتدا ئەو ڕەفتارە توندوتیژ دەبێت، ئەم ڕەفتارانە زیاترە لە منداڵانی توشبو بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (سليمان،270:2012).

2- پێناسەی (شقير،2006):کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی نائاسایی و نامۆیە لەباروودۆخی ژیاندا، زیانگەیاندنە بە جەستە و ئازاردانی خود و لەوانەیە بگاتە ئاستێکی بەرزی فەرامۆشکردنی خودی خۆی و کاریگەری دەکاتە سەر نزمبونەوەی ئاستی متمانە بە خۆبون و گەیشتنی بە وێنەیەکی عەقڵی شێواو(شقير،5:2006).

**-پێناسەی تیۆری بۆ ڕەفتاری خۆئازاردان:** شڵەژانێکی دوبارەیە و لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە نەخوازراوە کە چەندین شێوە لەخۆدەگرێت لەوانە: (سەرکێشان بە دیوار - گازگرتن- ڕاکێشانی قژ– فشارخستنە سەر چاوەکان) کاریگەری دەکاتە سەر خودی منداڵەکە و خێزانی منداڵەکە (هيام،2023 :14).

**-پێناسەی ڕێکاری ڕەفتاری خۆئازاردان:** بریتییە لە کۆی ئەو نمرەیەی کە ڕاهێنەرانی سەنتەرەکانی ئۆتیزم بەدەستیدەهێنن لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی بڕگەکانی پێوەری ڕەفتاری خۆئازاردان.

**چوارەم: شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:**

- پێناسەی(محمد،2020): شڵەژانێکی ئاڵۆزی گەشکردن و دەمارییە و پێش تەمەنی سێ ساڵی نیشانەکانی بەدیاردەکەون، کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر لایەنی (کۆمەڵایەتی، زمان، پەیوەندی، ڕەفتار، ئاگایی، تەرکیز) دەرئەنجام کۆمەڵێك هەڵسوکەوتی نەگونجاو ئەنجامدەدات وەکو (ڕەفتاری دوبارە، خۆئازاردان، هەستنەکردن بە کەسانی دەوروبەر، جوڵەی زۆر، ئارەزونەکردن لە گۆڕینی ڕۆتینی ژیانیدا)(محمد ئەوانی تر، 6:2020)

## بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشو

## تەوەری یەکەم: چوارچێوەی تیۆری:

### یەکەم: چەمکی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان:

تێکچونی پرۆسەی هەستی نارێکییە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە دێنە مێشك بۆ ئەوەی وەڵامی گونجاوی پێداویستییە ژینگەییەکان دابین بکات، لەبەرئەوەی مێشك سیستەمێکی خۆڕێکخستنە کاتێك ئەرکەکەی وەکو خۆی جێبەجێ ناکات ئەوا ئەو ڕەفتارەی کە مێشك ڕوبەڕوی دەبێتەوە ناتوانێت بکەوێتە نێو چوارچێوەی پێویستییە ئاساییەکانەوە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچونی پرۆسەی هەستی و ئاڵۆزی (مكدوجل،65:2016).

منداڵانی ئۆتیزم بەراورد بە منداڵانی ئاسایی هەستیارترن ئەم هەستیاریەش کاردانەوەی دەبێت لە چەندین لایەنەوە (هەستیاری بەرامبەر بە جیهانی دەوروبەری، هەستیاری لە کاتی وەرگرتنی زانیاری مێشك، هەستیاری بەرامبەر بە دەنگ، هەستیاری بەرامبەر بە ڕوناکی، هەستیاری بەرکەوتن و جۆری خواردن، هەستیاری بەرامبەر بەڕەنگ). منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم کاتێك ناتوانن زانیارییەکانی مێشك لێکبدەنەوە وەڵامدانەوەی نەگونجاوی ناکاریگەری هەستی لە هەڵسوکەوتیان بەدیاردەکەوێت لەگەڵ ئەوەش ڕوبەڕوی کۆمەڵێك گرفت و بەربەست دەبنەوە کە لەدەرئەنجامی نەگونجاندنی خودی و ژینگەی ڕودەدات و چەندین جۆری فۆڕمی جیاوازی ڕەفتاری بەدوای خۆیدا دروست دەکات پێویستیان بە چارەسەرکردن و ڕاهێنانی پێویستە بەپێی ئاست و قۆناغی تەمەن (هیام،4:2023).

## نیشانەکانی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان:

هەڵسەنگاندنی کەموکوڕییەکانی ڕێکخستنی هەستی تاڕادەیەك کارێکی زەحمەتە لەبەرئەوەی نیشانەکان لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێك و لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێن کە نیشانە باوەکان ئەمانەن:

•چالاکی زۆر: یەکەم تایبەتمەندی نارێکی پرۆسەی هەستی تێبینیکراوە لەلایەن دایکان و باوکانەوە جوڵەی زۆر و دوبارەیە منداڵی شەبەنگی ئۆتیزم بەبێ ئامانج ئەنجامی دەدات.

•کێشەی ڕەفتار: نارێکی لەهەر لایەنێکی پرۆسەی هەستیدا هەبێت گەشەی زمان و ئاخاوتن دوادەکەوێت یاخود نامێنێت چونکە زمان و ئاخاوتن پەیوەستە بە زۆرێك لە پرۆسەی تەواوکردنی هەستی.

•کێشەی ڕێکخستنی ماسولکە و جوڵەکان: بونی گرفت لە نارێکی پرۆسەی هەستی دەبێتە هۆی لاوازبونی کاری ماسولکەکان وکە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی جوڵە (ابراهیم، 2023: 83).

## دەرکەوتەکانی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان:

1- دەرکەوتەکانی نارێکی پرۆسەی هەستی بیستن: ئەو دەنگانەی کە دەگاتە تاکی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە هەروەها کاریگەری لەسەر دروست دەکات، چونکە بەرگەی ژاوەژاو و دەنگ ناگرێت و هەست بە ترس دەکەن و هەست دەکەن شوێنی خۆیان لە دەست دەدەن وەك بڵێی زەوی دەلەرزێت و دیمەنی سروشتی دەگاتە ئەوان و هەر ئەمەشە ئەوان دەترسێنێت و پەنادەبەنە بەر داپۆشینی گوێیەکانیان بۆ پاراستنی خۆیان لە ژاوەژاو(العمود،84:2022).

2-دەرکەوتەکانی نارێکی پرۆسەی هەستی بینین: دو جۆر وەڵامدانەوە هەیە (زو وەڵامدانەوە-لاوازی وەڵامدانەوە) زو وەڵامدانەوە: منداڵ هەندێك وروژێنەری بینین بە هەڵە لێکدەداتەوە وەکو مەترسیەکی شاراوە وای لێدەکات خۆی لەو وروژێنەرانە بەدوربگرێت و دەست لەسەر چاوەکانی دابنێت، هەروەها وروژێنەری بینینی لاواز لە ئەنجامی بەربەستی هەستی بەرزەوەیە کە ناتوانن وەڵامی بدەنەوەو کاردانەوەکان وەربگرن بۆیە کاریگەری نەرێنی لەسەر کارلێکردنی منداڵ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا هەیە(وهبە،85:2021).

3-دەرکەوتەکانی نارێکی پرۆسەی هەستی بۆنکردن و تامکردن: هەستی تامکردن و بۆنکردن پێکەوە ئارەزوی خواردن دەوروژێنن ڕێگە بە مرۆڤ دەدەن چێژ لە جۆرەکانی بۆن وەربگرن و دەمارە ڕاگەیاندنەکانی بەرپرس لە خانەکانی لوت وەردەگرێت و دەنێردرێت بۆ ناوچەی بەرپرس لە مێشك لەوێ مانایی پێدەدرێت کاتێك کەسێك گرفتی لە هەستی بۆنکردن هەیە بۆنی شتەکان بە جیاوازی دەکات بە بەراورد بە پێشتر کە ئەو بۆنانەی چێژی لێوەردەگرێت دەگۆڕێت بۆ بۆنی بێزارکەر هەروەها نارێکی تامکردن کاریگەری دەبێت لەسەر توانایی تامکردنی تاك بۆ جیاکردنەوەی یەکێك یان زیاتر لە پێنج تامەکە (تاڵ-سوێر-شیرین-ترش-بەتام) (85: Sankar,2015 ).

4-دەرکەوتەکانی نارێکی پرۆسەی هەستی بەرکەوتن: کاردانەوە هەستییەکانی بەرکەوتن لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت ئەو تاکانەی گرفتیان هەیە لەم لایەنەوە بەرگەی دەست لێدان و باوەشکردن ناگرن ئەمیش مانایی وایە ناتوانێ کۆنترۆڵی جەستەیی خۆی بکات و لەسەر هەمان بارودۆخ بمێنێتەوە کاتێك کە هەست دەکەن زیانی دەبێت بۆیان و پارێزراو نابن نمونە گۆڕینی جلوبەرگەکانیان کە هەست بە ترس دەکەن و مانەوە لەسەر هەمان جلوبەرگ بە پارێزراوی دەزانن.

5-هاوسەنگی: لە هەبونی گرفتێك لە سیستمی هاوسەنگی دەبێتە هۆی نارێکی ئەم سیستمە لە ئەنجامی دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەربارەی بابەتێك یاخود کێشەیەك کە ئەمەش وادەکات توشی گرفتەکانی (سۆزداری، ڕەفتاری) ببن(أيريس، 2016: 87).

## دووەم: چەمکی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی:

ئاماژەیە بۆ گەیشتنی تاك بە قۆناغی گونجاندن و پەیوەندی لەگەڵ هەمو چین و توێژەکانی دەوروبەری لە کۆمەڵگە، ئەم قۆناغە وایان لێدەکات پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز لەگەڵ ئەوانی تردا دروست بکەن دور لە ئاڵۆزی و ململانێ و ترساندن و ترس لە بەشداریکردن لە کارلێککردن لەگەڵ ئەوانیتر. پێگەشتنی کۆمەڵایەتی توانای تاکەکەسە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان بە شێوەیەکی گونجاو لە ڕێگەی تێگەیشتن لە یاسا و بنەما کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر، پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ئاستی کارامەیی کۆمەڵایەتی تاك دیاریدەکات بە قۆناغە یەك لە دوای یەکەکاندا گەشە دەکات، هەروەك چۆن پێگەیشتنی مەعریفی گەشە دەکات لە تێگەیشتنێکی سادەترەوە بۆ تێگەیشتنێکی ئاڵۆزتر لە جیهانی کۆمەڵایەتی. واتە تاك بە تێڕوانینێکی سادە بۆ ژینگە دەست پێدەکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی لە ژینگە و هەستی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنێت. پاشان بابەتەکە گەشە دەکات تا وەکو تاك دەتوانێت باشتر لە ژینگەی کۆمەڵایەتی تێبگات(صبري و عطاالله،17:2017).

پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی توشبو بەشەبەنگی ئۆتیزم لەسەرانسەری بوارەکانی ڕەفتاری گونجاوی و پەیوەندیکردن، کارامەییەکانی ژیانی ڕۆژانە،کۆمەڵایەتیبون و ڕەفتارە ناگونجاوەکان چارەسەردەکرێن بەپشت بەستن بە ڕاهێنانی کارامەیی کۆمەڵایەتی، سۆزداری، مەعریفی و ڕەفتاری، تاگەیشتن بەگونجاندنێکی سەرکەوتو (Mamić,2014: 21).

کارامەیی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و تێکچونی شەبەنگی ئۆتیزم: تێڕوانینێکی هەڵەی باو لە بواری تێکچونی شەبەنگی ئۆتیزمدا ئەوەیە کە ئەو منداڵانەی کە توشی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بون (ASD) توانای دۆزینەوەی هاوڕێیەتییان نییە لە ژیانی ڕۆژانەدا. ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەو منداڵانەی توشی ئۆتیزم بون ئارەزوی هاوڕێیەتی و قسەکردنیان لەگەڵ کەسانی دیکە هەیە، بەڵام توانای دەستپێشخەری و هاوڕێیەتییان بەشێوەیەکی دروست نییە. زۆرجار لە کاتی گفتوگۆکردن و تێگەیشتن لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکەکاندا کێشەیان هەیە لەگەڵ هاوسەنگی چاوپێکەوتن(عبدالله و ئەوانی تر،35:2022)

### کارامەیی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ئەو منداڵانەی کە توشی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بون:

یەکێك لەو ئاڵەنگارییانەی کە ڕوبەڕوی دایك و باوك و پسپۆڕان و تاك دەبێتەوە فێرکردنی کارامەیی کۆمەڵایەتییە لەلای شەبەنگی ئۆتیزم، چونکە کارامەیی کۆمەڵایەتی نیشانەیەکی سەرەکی ئۆتیزم (ASD) کە بەدواکەوتن یان نەبونی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پەیوەندیکردن و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دەناسرێتەوە.

### هەندێك لەو نیشانانەی کە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کارامەیی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی هەبێت بریتین لە:

(دواکەوتنی گەشەکردنی قسەکردن، سەختی تێگەیشتن لە ئاماژە نازارەکییەکان، سەختی تێگەیشتن لە هەستی کەسانی تر، سەختی لە بەڕێوەبردنی گفتوگۆکان، دوبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژەکان(echolalia) پێدانی وەڵام کە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نییە). (عبدالله و ئەوانی تر،22،2022).

منداڵانی توشبو بە ئۆتیزم پێویستیان بە هەمان ئاستی لێهاتویی کۆمەڵایەتی هەیە وەك هاوتەمەنە ئۆتیزمەکانیان. کارامەیی کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ پەرەپێدانی متمانە بەخۆبون و دروستکردنی هاوڕێیەتی و سازان لەگەڵ کەسانی دیکە.

نوسەر (تیمبل جراندین) كە لە تەمەنێكی بچوكدا توشی ئۆتیزم بوە لەگۆڤاری Autism Parenting Magazine باس لەوە دەكات كە منداڵانی توشبو بە ئۆتیزم دەبێت فێری كارامەیی كۆمەڵایەتی بكرێن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات زیاتر سەربەخۆ بن .

**گرنگە فێری ئەم تایبەتمەندیانە بكرێت:**

(چۆنێتی یاریكردن لەگەڵ كەسانی تر (بەشكردن، نۆرە)، چۆنێتی گفتوگۆكردن لەگەڵ كەسانی تردا، چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەستەكان بەرامبەر بە كەسانی تر، چۆنێتی چارەسەركردنی كێشەكانی ڕۆژانە).

**-چۆنێتی پەرەپێدانی توانا كۆمەڵایەتییەكان لە منداڵانی توشبو بە ئۆتیزم:** زانایان و توێژەران لێكۆڵینەوەیان لە ڕێگەی جۆراوجۆر كردوە بۆ بەرزكردنەوەی توانا كۆمەڵایەتییەكانی ئەو منداڵانەی كە توشی ئۆتیزم بون. توێژینەوەكان دەریانخستوە، كە باشترین دەستوەردانەكان ڕاهێنانی گروپی بوە لە پەرەپێدانی كارامەیی پێگەیشتنی كۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی تەمەنی خوێندن كە لە ساڵی 1998 تا 2006 توشی ئۆتیزم بون.

(https://www.autismparentingmagazine.com/autism-social-skills/).

**سێیەم: چەمكی ڕەفتاری خۆئازاردان:**

ڕەفتاری خۆئازاردان یەكێكە لە شڵەژانە سۆزداری و ڕەفتارییەكان لەلای منداڵان، ئەم هەڵسوكەوتە سەرنجی دەرونزانانی ڕاكێشاوە لەماوەی ڕابردو بەهۆی پەیوەندییەكانی لەگەڵ هەندێك نارێكی و پەككەوتەیی كە لەوانەیە ئەم هەڵسوكەوتە ئەنجام بدەن ئازاری خودی خۆیان بدەن، هەرچەندە مەبەست لێی شتێكی ترە لەڕوی كۆمەڵایەتیەوە بەڵام بە ڕەفتارێكی نائاسایی هەژمار دەكرێت (ان سكستون،2002: 96).

**جۆرەكانی ڕەفتاری خۆئازاردان:**

1-خۆئازاردانی جەستەیی: ئەو ڕەفتارە نەرێنیانەن كە ڕۆژانە ڕودەدەن، كە ئەم جۆرە ڕەفتارە زۆرجار دەكەوێتە ژێرخانەی نەریتی كە لە منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم و (متلازمە توریت) بەدیار دەكەوێت كە كاریگەری لەسەر جەستەیی منداڵەكە دەبێت و برینداربونی دروست دەكات.

2-خۆئازاردانی گشتی: ئەو تاكانەی بەدەست گرفت و حاڵەتە دەرونیەكانەوە دەناڵێنن وەك(شیزۆفرینیا) كە ئەم ڕەفتارە ئەنجام دەدەن كە دەبێتەهۆی تێكچون، هەڵسوكەوتێكی سەرلێشێواویان هەیە و گرفتی ڕاگرتنی پاك و خاوێنی كەسیان هەیە.

3- خۆئازاردانی ناچاری: ئەم هەڵسوكەوتە ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت بە هەمان شێوەش ئەمەش مەترسی و زیانگەیاندنە بۆ سەر جەستەی كە لە ئەنجامی نارێكی وەسوەسەیە ئەم هەڵسوكەوتانە دەگرێتە خۆی لەوانە (ڕاكێشانی قژ-لابردنی پێست-گازگرتن).

4- ئازاردانی دوبارەی: ئەم جۆرە هەڵسوكەوتە كاردانەوەی پەرچەكردارە بەرامبەر بە هەر جۆرێك لە جۆرەكانی فشاری دەرونی (ئەرێنی - نەرێنی) ئەو تاكانەی كە ئەم هەڵسوكەوتە ئەنجام دەدەن هەست بە ئازاردانی خودی خۆیان ناكەن، بەڵام لە هەمان كاتدا هەست بە دڵەڕاوكێ و چەوساندنەوە دەكەن بەرامبەر بە شێوەكانی هەڵسوكەوتی خۆئازاردان (فیج،2008: 99).

**هۆكارەكانی خۆئازاردان:**

1-ڕزگاربون: دەربازبونە لە (بارودۆخە بەتاڵییەكان، هەستە ناواقعییەكان،گرژی و ململانێكان).

2-دەربڕین: دەربڕین و بەتاڵكردنەوەی فشارە دەرونییەكان و ئازارە دەرونییەكانە بۆ هەستكردن بە ئاسودەیی دەرونی.

3-حەسانەوە: ئاستی وروژاندنی سۆزداری و بەرزدەبێتەوە و دەبێتە هۆی ئازاردان بە جۆرێك كە ناتوانێ بەرگەی بگرێت.

4- كەمكردنەوەی تورەیی: لەم جۆرەیاندا كەمكردنەوەی هەڵچونە نەرێنیی و تورەییەكانە كە لە دەرەنجامی ئەم هەستە ناوەكییە پەنادەباتە بەر خۆبەتاڵكردنەوە بە ڕێگەی ئازاردانی خۆی (شقیر،2006 :16).

**ڕێگاكانی چارەسەركردنی ڕەفتاری خۆئازاردان:**

1-دەرمان: ئەو دەرمانانەی کە بەکاردەهێنرێن دەرمانی دژە خەمۆکین کە ڕێژەیی سیرۆتۆنین لە مێشك زیاد دەکەن.
2-چارەسەری ڕەفتاری: لەسەر بنەمایی دو کۆمەڵەی سەرەکی (قبوڵکردن و گۆڕانکاری) دانراوە.
3-چارەسەری سۆزداری عەقڵانی و چارەسەری ئارامکردنەوە.
4-کوژاندنەوە: کە مەبەست لەم چارەسەرییە گرنگی پێنەدانی ڕەفتارەکەیە.
5-بەهێزکردنی جیاوازی: کە تێیدا هەڵسەکەوتێکی تری جێگرەوەی بەهێز دەکرێت.
6-چارەسەری ژینگەیی: پلاندانانە بۆ ئەنجامدانی چالاکی چێژبەخش لەگەڵ کەسانی دەوروبەری کە ئەمەش وادەکات سەرقاڵبێت و دوربکەوێتەوە لە ئەنجامدانی گۆشەگیربونی (محمد و عادل، 2020: 964)

**تیۆرەکانی خۆئازاردان:**

1-تیۆری فسیۆلۆجی: لە هۆکارەکانی هەڵسوکەوتی خۆئازاردان زۆرجار تێناگەین، چونکە یەکێك لە هەڵە تێگەیشتنەکان ئەوەیە کە ئەم هەڵسوکەوتە ئەنجام دەدەن دەیشارنەوە و خۆیان بەدوردەگرن، چونکە نهێنی بونی ئەم هەڵسوکەوتە هێوربونەوەیان پێدەبەخشێت هەروەها توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەو تاکانەی ئەزمونی شۆکی منداڵیان کردوە زیاتر ئازاری خۆیان دەدەن و لە منداڵیەوە ئازاری جەستەیی و سێکسی و دەستدرێژیان چەشتوە یاخود ئازاری خۆیان دەدەن بۆ کەمکردنەوەی هەستی تاوان (المعطي،2010: 104).

2-تیۆری ڕەفتاریی: توێژینەوەیەکی زۆر هەیە لەبواری سایکۆلۆژیایی ڕەفتاردا هەوڵدەدەن ڕونکردنەوەی زیاتر بۆ هەڵسوکەوتی خۆئازاردان بکەن، ئاماژەیان بەوەداوە کە ڕێژەیی هەڵسوکەوتی خۆئازاردان لە ڕەگەزی (نێر) توندترە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

3-تیۆری کۆمەڵایەتی: هەندێك لە تاکەکان هەڵسوکەوتی خۆئازاردان ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی سەرنجی کەسانی دەوروبەر بۆ خۆیان ڕابکشێن لە کاتێکدا هەندێکیتر ئەم ڕەفتارە ئەنجامدەدەن بۆ ڕزگار بون لە باردوخی ناوەکی سەختیان و هەروەها هەندێك لەهەرزەکاران ئەم ڕەفتارە ئەنجامدەدەن لەڕێگەی لاسایکردنەوەی ڕەفتاری هاوتەمەنەکانیان (أبراهيم،2023: 105)

**-چەمکی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:**

شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم شڵەژانێکی گەشەیی نادیارە کە بە چەند تایبەتمەندیەك دەناسرێتەوە لەوانە: (بێتوانایی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، دواکەوتن لە بەدەستهێنانی زمان، دوبارەبونەوەی قسە و چالاکی، درەنگ ڕوبەڕوبونەوە، شیکردنەوەی لاواز) هەریەك لەم تایبەتمەندییانە لە هەڵسوکەوتی منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم ڕەنگدەداتەوە (الزريقات،2006: 15)

**دەستنیشانکردن شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:**

دەستنیشانکردنی منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم قورسە لەبەرنەبونی پشکنینی پزیشکەکان لە سەیرکردنی ڕەفتار و گەشەی منداڵ بەشێوەیەکی وردی زانستی و گرفتی دەستنیشانکردن لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا، دەستنیشانکردنی ئۆتیزم بەشیوەیەکی وردی زانستی لە تەمەنی (18) مانگی یان کەمتر لە تەمەنی دو ساڵیدا دەتوانرێت لەلایەن کەسێکی شارەزایی باوەڕپێکراوەوە دیاریبکرێت لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە منداڵان تاوەکو تەمەنیان گەورەتربێت دەستنیشانکردنی یەکلاکەرەوەیان قورستر دەبێت (المطري،2012: 29).

**- نیشانەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:**

- دواکەوتن لەگەشەکردنی توانایی زارەکی و نازارەکی و دوبارەکردنەوەی وشە یاخود ڕستەکان.
- نارێکی ڕەفتار نارێکی لە کارلێکردن و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێکهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
- پێداگریکردن لەسەر شتەکان و هێشتنەوەی ڕۆتینی ڕۆژانە (بەرگریکردن لە گۆڕان).
- جوڵەیی زۆر و ناچالاك یاخود نارەحەتییەکی زۆر نیشان دەدات بە هۆکارێکی نادیار.

• نەبونی وەڵام بۆ وروژێنەرەکانی فێرکردن.
• ئەنجامدانی ناجێگیری چالاکی جوڵەیی ورد و گشتی.
• پەکخستنی پەیوەندی چاو وەڵامدانەوەی.
• پێکەنینی نەگونجاو لە زۆربەی بارودۆخەکاندا(محمد و ئەوانی تر، 2020: 33).

**ڕێژەیی بڵاوبونەوەی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:**

لە کۆتایی ساڵی (2018)سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پشتگیریکردنی حاڵەتەکان لە ئەمریکا کە نزیکەی (1/59)منداڵ دەستنیشان کراوە کە ئەمانە لە سەرەرەتایی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم دان بە گوێرەی ئەم ڕێژەیی خوارەوە (1/37) ڕەگەزی نێر (1/15) ڕەگەزی مێ ئەمەش مانایی ئەوەیە کەسانی (نێر) چوار ئەوەندەی زیاتر لە مێینەکان ئەگەری توشبونیان بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم هەیە، لە بەیانامەیەکدا لە ساڵی (2020) لەلایەن سەنتەری کۆنترۆڵکردنی حاڵەتەکان لە ئەمریکا (CDC) بڵاوکرایەوە کە ڕێژەیی سەدی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە زیادبوندایە، چونکە ڕێژەیی لەدایکبون گەیشتۆتە (1/54) لەکاتێکدا لەساڵی (2023) بڵاوبونەوەی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (1/36) منداڵی توشبو دیاریکراوە، هەروەها نزیکەی (1/6) واتە لە (17٪) منداڵان لەتەمەنی (3بۆ17) ساڵی پەککەوتەیی گەشەییان هەیە (عبداالله، 2022: 17) لە (علي،2024).

**هۆکارەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم:**

شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لە ئەنجامی زۆر هۆکارەوە ڕودەدات کە لەوانەیە هۆکارەکان (بایۆلۆجی یاخود ژینگەیی) بن کە زۆربەی زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی بۆماوە هۆکارێکی مەترسیدارە بۆ توشبون بە شەبەنگی ئۆتیزم، هەروەها ئەو خێزانانەی کە خاوەنی منداڵێکی توشبو بە ئۆتیزمن مەترسیەکی زۆریان هەیە کە منداڵێکی دیکەی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزمیان هەبێت:

1- بۆماوەیی: چەندین جینی جیاواز ڕۆڵیان هەیە بۆ توشبون بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم کە پەیوەندی بە حاڵەتەکانی بۆماوەیی (متلازمة ريت) (متلازمة X الهشة)کە گۆڕانکارییە بۆماوەییەکان مەترسی توشبون بە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم دروست دەکات هەروەها جینات کاریگەری لەسەر گەشەی مێشك و شێوازی پەیوەندی خانەکانی مێشك هەیە.

2-هۆکارە ژینگەییەکان: توێژەران لە ئێستادا لێکۆڵینەوە دەکەن، کە ئایا هۆکارەکانی وەك (هەوکردنی ڤایرۆس، دەرمان، ئالۆزییەکان لە کاتی دوگیانیدا، پیسکەرانی هەوا) ڕۆڵیان هەیە لە دروستبونی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم.

3-ڤاکسین: یەکێك لە گەورەترین مشتومڕەکان لە شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان ئەم حاڵەتە و کوتانی منداڵ؟ سەرەڕای هەبونی توێژینەوەیەکی بەفراوان هیچ توێژینەوەیەکی باوەڕپێکراو نییە پەیوەندی لە نێوان ڤاکسین و ئەم شڵەژانە ڕون بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دورکەوتنەوە لە کوتان لە حاڵەتی منداڵیدا دەبێتە هۆکارێك بۆ توشبون بڵاوبونەوەی حاڵەتە مەترسیدارەکانی (کۆکەی ڕەش -سورێژە) (علي،2024: 27).

**تەوەری دوەم: توێژینەوەکانی پێشو:**

1- توێژینەوەی (ابراهيم،2023): ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان و ڕەفتاری خۆئازاردانە لەلای منداڵانی ئۆتیزم. نمونەکە پێکهاتبو لە (134) منداڵی ئۆتیزم (نێر، مێ)، کە تەمەنیان لە نێوان (6 - 13)ساڵدا بو، بە تێکڕا تەمەنیان (9.38) و لادانێکی ستاندارد (20.47). توێژەر پێوەری هەڵسەنگاندنی (جیلیام)ی بەکارهێنا بۆ دەستنیشانکردنی نیشانەکان و توندی حاڵەتی ئۆتیزم، توێژەر شێوازی وەسفی پەیوەندیدار پەیڕەودەکات، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریانخستوە کە پەیوەندییەکی نەرێنی (پێچەوانەیی) لە ڕوی ئامارییەوە لە نێوان هەمو ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی پرۆسێسی هەستیاری و کۆی نمرەی و پێوەرەی خۆئازاردان هەبوە.

2- توێژینەوەی (هیام،2023): ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پێوانەکردنی ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردانە لەنێوان نمونەیەك لە منداڵانی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزم لەتەمەنی (5-10ساڵیدا)، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (70) نێر و مێ لە سەنتەری منداڵان و کلینیکی دەرونی، تەمەنیان( 10-5)ساڵ بو، کەتێکڕای تەمەنیان( 7.53)ساڵ و لادانێکی ستاندارد ( 2.49) بو. ئەنجامەکان دەریانخست: کە پێوەری ڕەفتاری خۆئازاردان بۆ منداڵانی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزم (SAD) بەڕەوایی و متمانەپێکردن تایبەتمەند بو گونجاوە بۆمەبەستی ئەم توێژینەوەیە. بۆیە دەتوانرێت لە توێژینەوە دەرونی و پەروەردەییەکان کە باس لە کەمکردنەوەی ڕەفتاری خۆئازاردان دەکەن لە نێوان گروپی ئەو منداڵانەی تەمەنی (5-10)ساڵدان بەکاربهێنرێت.

3-توێژینەوەی (عبدالله و ئەوانی تر،2022): ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی کاریگەری تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان بوە لەسەر پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەنێوان نمونەیەك لە منداڵانی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزم، نمونەکە پێکهاتبو لە(40) منداڵی ئۆتیزم کە هەمویان لە ڕەگەزی نێر بون، تێکڕای تەمەنیان (8) ساڵە، دابەشکراوە بەسەر ئەم گروپە ئۆتیزمانەی خوارەوە: پۆلی ئۆتیزمی سادە (12)منداڵ، پۆلی ئۆتیزمی مامناوەند(13)منداڵ، پۆلی ئۆتیزمی توند (15)منداڵ. توێژینەوەکە لەسەر بنەمای دو ئامراز بوە: (لیستی هەستیاری پرۆسێسەکان و پێوەرەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی(ڤاینلاند). دەرەنجامەکان بەم شێوەیە دەریانخست: کە پۆلی شەبەنگی ئۆتیزمی توند لە پێشەوە هات، پاشان پۆلی شەبەنگی ئۆتیزمی مامناوەند، و لە کۆتاییدا پۆلی شەبەنگی ئۆتیزمی سادە لە بڵاوبونەوەی هەمو تێکچونەکانی پرۆسێسی هەستیاری، جگەلە تێکچونی پرۆسێسی هەستیاری بیستن، کە تێیدا شەبەنگی ئۆتیزمی مامناوەند، هەروەها گروپی ئۆتیزمی سوك لە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا باشتر بو لە گروپەکانی ئۆتیزمی مامناوەند و توند، لەکاتێکدا هیچ جیاوازییەك لە نێوان گروپی ئۆتیزمی مامناوەند و توند لە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا نەبو. گروپی ئۆتیزمی سوك باشتر بو لە گروپی ئۆتیزمی مامناوەند و توند لە تێکچونی پرۆسێسی هەستی بینین.

4_ توێژینەوەی (الحلو، 2021): ئامانجی توێژینەوەکە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان پرۆسێسی هەستی و کێشەکانی ڕەفتار بو لەلای منداڵانی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزم، نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (39)منداڵی نێر و مێ کە تەمەنیان لە نێوان (4-7) ساڵدا بو، ئامرازەکانی بریتیبون لە پێوەری پرۆسێسی هەستیاری، پێوەری کێشەکان، پێوەری هەڵسەنگاندنی ئۆتیزمی منداڵان (CARS)، و ئەنجامەکان دەریانخست کە هیچ پەیوەندییەکی ئاماری گرنگ لە نێوان پرۆسێسی هەستیاری و کێشەکانی ڕەفتار لە منداڵانی توشبو بە تێکچونی شەبەنگی ئۆتیزمدا نییە.

5_توێژینەوەی (Kojovic et al ،2019): ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی کاریگەری پرۆسێسی هەستیاریە لەسەر کەم توانایی کارامەیی کۆمەڵایەتی، لاوازی درککردنی کۆمەڵایەتی، ئەدای کۆمەڵایەتی. نمونەکە پێکهاتبو لە (64) منداڵی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزم، تەمەنیان لە نێوان (3) بۆ (6) ساڵ بو، بەبەراورد لەگەڵ (36) منداڵی ئاسایی. ئەنجامەکان دەریانخست: کێشە هەستیارەکان پەیوەندییان بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کەمبونەوەی ئەدای گونجاندنەوە هەیە لە منداڵانی ئۆتیزمدا. منداڵانی ئۆتیزم کە کێشەی هەستیاری زیاتریان هەبوە.

6- توێژینەوەی (صبري و عطاالله،2017): ئامانجی توێژینەوەکە زانینی پەیوەندی نێوان هەندێک لە شێوازەکانی چارەسەرکردنی دایکان و باوکان وەک لەلایەن دایکانەوە هەست پێدەکرێت و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی منداڵە ئۆتیزمەکە بو. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (30) دایکی منداڵی ئۆتیزم، ئەنجامەکان بونی پەیوەندییەکیان لە نێوان شێوازەکانی چارەسەری دایک و باوک و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیدا دەرخست، هەروەها نەبونی جیاوازی لە نێوان شێوازەکانی چارەسەری دایک و باوک و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەزی (نێر و مێ).

**بەشی سێیەم: ڕێبازی توێژینەوە و ڕێکارەکانی:**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوە:** توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشت دەبەستێت بە (میتۆدی وەسفی پەیوەندیدار) لەبەرئەوەی میتۆدێکی گونجاوە بۆ دەرخستن و زانینی ئاستی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان پەیوەندی بە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆئازاردان، هەروەها لە ڕێگایەوە هەوڵی وەسفکردنی دیاردەی بابەتی توێژینەوەکە دەدرێت و داتاکانی شیدەکرێتەوە.

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە:** توێژەر بۆ ساڵی خوێندنی (2024_2025) ڕاهێنەرانی سەنتەرەکانی (هانا- گەشبین-ئۆتیزم) وەرگرت، ژمارەیان (40) ڕاهێنەر بو بە هەردو ڕەگەزەوە (نێر و مێ) بۆ دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە کە بەپێی ئەو سەر ژمێریەی کە وا ئێستا لە بەردەستدایە بروانە خشتەی ژمارە (1).

**خشتەی ژمارە(1) کۆمەڵگای توێژینەوە بەپێی ڕەگەز و ژمارە**

| سەنتەرەکان | ڕەگەز | ژمارە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| گەشبین | نێر | 0 | 10 |
| | مێ | 10 | |
| هانا | نێر | 0 | 9 |
| | مێ | 9 | |
| ئۆتیزم | نێر | 11 | 21 |
| | مێ | 10 | |
| کۆی گشتی | | | 40 |




شێوەی(1)دابەشکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە بەپێی سەنتەرەکان

**سێیەم: نمونەی توێژینەوە:** بۆ دەستنیشانکردنی نمونەی توێژینەوە، یەکێک لەو ئاستەنگ و گرفتانەی دێنە پێش توێژەر لە توێژینەوەکانی پەروەردەی تایبەت، هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکەیە بەهۆی کەمی و بچوکی ژمارەی نمونەیە لە کۆمەڵگا، لەبەرئەوەی بواری پەروەردەی تایبەت و نمونەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت تایبەتمەندی خۆیان هەیە. بۆیە توێژەر ناچارەکات بۆ دەستکەوتنی زۆرترین نمونەی توێژینەوەکەی هەوڵبدات نمونەی کۆمەڵگاکەی وەکو خۆی وەربگرێت بەرەچاوکردنی بارودۆخی پەککەوتەیی و ئاست و توانا و کارامەییان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پێوەرەکان و ئامراز و ئامارییەکان لەسەریان. بەم شێوەیە توێژەر نمونەی توێژینەوەکەی دیاریکرد لەنێو کۆمەڵگای توێژینەوەکە بەرێگای (هەڵبژاردنی هەرەمەکی سادە) بەجۆرێک نمونەکە بتوانێ نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات کە پێکهاتبو لە (20) کەس کە رێژەی لە (%50) کۆمەڵگای ڕەسەن پێکدەهێنێت. لەخشتەی(2) زیاتر رونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(2)نمونەی توێژینەوە بەپێی ڕەگەز و ژمارە

| سەنتەرەکان | ڕەگەز | ژمارە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| گەشبین | نێر | 0 | 4 |
| | مێ | 4 | |
| هانا | نێر | 0 | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | مێ | 3 | 3 |
| ئۆتیزم | نێر | 3 | |
| | مێ | 10 | 13 |
| کۆی گشتی | | | 20 |

**چوارەم: پێوەری توێژینەوە:** توێژەر بۆ ئامادەکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکەی هەڵساوە بە پێداچونەوە و خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکانی پێشو و بە سودوەرگرتن لەپێوەری (ولاء،2023) بۆ پرۆسێسە هەستییەکان و پێوەری (فاینلاند،1984) بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و پێوەری (هیام،2023) بۆ ڕەفتاری خۆئازاردان. پاشان ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی سەرەتایی لە نێوان ڕاهێنەرانی سەنتەرەکان بەشێوەی مەیدانی (دراسة استطلاعیة) بۆ دەستکەوتنی چەند بڕگەیەك بەمەبەستی دروستکردنی پێوەر بۆ پێوانەکردنی ڕاوبۆچونی ڕاهێنەران لەسەر تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆئازاردان، بەم شێوەیەی خوارەوە پێوەرەکان ئامادەکران:

1-پێوەری تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان لە (30) بڕگە پێکهاتوە. وەڵامی جێگرەوەکانی بریتین: (هەمیشە، زۆربەی جار، هەندێ جار، بەدەگمەن، هەرگیز)

2-پێوەری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لە (28) بڕگە پیکهاتوە. وەڵامی جێگرەوەکان بریتین لە:(بەڵی، هەندێکجار، نەخێر)

3- پێوەری ڕەفتاری خۆئازاردان لە (26) بڕگە پیکهاتوە. وەڵامی جێگرەوەکان بریتین لە (هەمیشە، هەندیکجار، بەدەگمەن)

**پێنجەم: تایبەتمەندی سایکۆمەتری پێوەر تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان:**

**یەکەم: ڕاستگۆیی پێوەر:** ئەو بڕگە و پرسیارانەی کە لەئامرازی توێژینەوەکەدان، پێویستە تەنها ئەو دیاردەیە یان ئەو گوڕاوە بپێون کە لەبنچینەدا بۆی ئامادەکراوە ئەگەر بڕگهکانی پێوەرەکە تایبەتە بەپێوانەکردنی زیرەکی کومەڵایەتییە دەبێت تەنها زیرەکی کۆمەڵایەتی بپێویت نەک گۆڕاوی دیکە (صابر،2016: 173-174) ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە خۆی لە مانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

**آ-ڕاستگوی ڕواڵەتی:** ئەم جۆرە ڕاستگۆییە بایەخدان بە گونجاوی دارشتنی لق و پرسیارەکان بەجۆریک فێرخواز لێیان تێبگات لەگەل مەبەستی هەڵسەنگاندنەکە یەکبگرنەوە وشەو زاراوەیەکی وا بەکاربەێنریت لەگەڵ تەمەن و ژیری گونجاوبن (صبري وحسن،2025:90).

ڕاستگۆیی ڕواڵەتی: واتە بڕگەکانی پێوەرەکە پێوانەی ئەو شتە دەکات کەبۆی دانراوە، پێوەری ڕاستگۆی ئەو پێوەرەیە، کە پێوانەکاری ڕاسپێردراو بکات نەك پێوانەی شتی تر، توێژەر بۆ دەستکەوتنی ڕاستگۆیی پێوەر بڕگەکانی پێوەرەکەی بەشێوەی فۆرمێك دابەشکرد بەسەر (9) مامۆستای شارەزا ئەوانیش ڕاوبۆچونی خۆیان لەسەر بڕگەکانی بۆ پێوانەکردنی (پرۆسێسە هەستییەکان) دەربڕی بە جۆرێک هەر بڕگەیەك ڕێژەی ڕەزامەندی 75% کەمتر بێت لادەبرێت (عباس،1996: 57 ). دوای ئەم کردارە پێوەرەکە ئامادەکرا بۆ دەرهێنانی جێگیری. لە خشتەی(3) زیاتر دەخرێتەڕو.

خشتەی ژمارە(3)بیروڕای شارەزایان دەربارەی گونجان و نەگونجانی بڕگەکانی پێوەری (پرۆسێسە هەستییەکان)

| ژ | پێوەر | ژمارەی بڕگەکان | گونجاوە | | نەگونجاوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی شارەزایان | ڕێژە | ژمارەی شارەزایان | ڕێژە |
| 1 | تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان | 1-30 | 9 | %100 | ......... | %0 |

ب-شێوازی یەکدەنگی ناوخۆیی، بریتییە لە:

-پەیوەندی نێوان نمرەی بڕگەکان و کۆی نمری پێوەری پرۆسێسە هەستییەکان:

ئەم شێوازە یەکێکە لەو شێوازانەی کە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە شیکردنەوەی بابەتەکانی پێوانی دەرونییدا، بەهۆی توانای دیاریکردنی پلەی هاوسەنگی بڕگەکان لە پێوانەکردنی دیاردە ڕەفتارییەکان. ئەم شێوازە ستانداردێکە جێی متمانە و بابەتیانە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان نمرەی تاکەکان بۆ هەر بڕگەیەك و نمرەی گشتی پێوەرەکە. پسپۆڕانی پێوانەکردنی دەرونی ئاماژەیان بەوە کردوە کە پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەك لە پێوەرەکەدا لەگەڵ پێوەرێکی دەرەکی یان ناوخۆیی نیشاندەری ڕەوایەتییەکەیە. پێوەرە ناوخۆییەکە کاتێك بەکاردێت کە پێوەرێکی دەرەکی لەبەردەستدا نەبێت، توێژەر پەیوەندی نێوان نمرەکانی هەر بڕگەیەك و کۆی نمرەکانی بۆ پێوەرەکە بەکارهێناوە، بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی پەیوەندی ڕێگەی (هاوپەیوەندی پیرسۆن) بەکارهاتوە، توێژەرە پشتی بە نمونەیەکی ڕاپرسی (20) ڕاهێنەر بەستوە. خشتەی (4) ئەمە دەخاتەڕو.

خشتەی (4) ڕێژەی پەیوەندی بڕگەکان بە نمرەی گشتی پێوەری پرۆسێسە هەستییەکان

| ژمارەی بڕگە | پەیوەست | ژمارەی بڕگە | پەیوەست | ژمارەی بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **0.422 | 11 | **0.519 | 21 | *0.558 |
| 2 | **0.356 | 12 | *0.465 | 22 | *0.457 |
| 3 | **0.551 | 13 | *0.439 | 23 | *0.628 |
| 4 | *0.387 | 14 | *0.915 | 24 | *0.524 |
| 5 | *0.834 | 15 | *0.558 | 25 | **0.472 |
| 6 | *0.481 | 16 | **0.524 | 26 | **0.492 |
| 7 | **0.587 | 17 | *0.714 | 27 | **0.838 |
| 8 | *0.714 | 18 | *0.481 | 28 | *0.458 |
| 9 | **0.982 | 19 | **0.521 | 29 | **0.982 |
| 10 | *0.625 | 20 | **0.411 | 30 | *0.625 |

*/ ئاماژەیە بۆ ئاستی گرنگی (0.05) و **/ ئاماژەیە بۆ ئاستی گرنگی (0.01)

**دووەم: جێگیری:**

**-جێگیری پێوەری (تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان):** مەبەست لە جێگیری پێوەر ڕادەی گونجانی ئەنجامی ڕاپرسییەکە لەگەڵ خۆیدا یان بەکارهێنانی ڕاپرسییەك بە شێوە (دابەشکردنی نیوەی)، جێگیری سیفەتێکی گرنگە بۆ پێوەرەکان، چونکە ئەگەر پێوەرەکە جێگیر نەبێت ناتوانین پشت بە ئەنجامەکەی ببەستین، توێژەر هەڵسا بە دابەشکردنی (20) فۆرم لەنێوان ڕاهێنەرانی سەنتەرەکانی (هانا-گەشبین-ئۆتیزم) بەمەبەستی بەدەستهێنانی جێگیری.

**-توێژەر لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە جێگیری پێوانەکەی پشتڕاستکردەوە:**

**أ-شێوازی دابەشکردنی نیوەی:**بۆ هەژمارکردنی جێگیری پێوانەکە توێژەر (20) نمونەی وەرگرت و شێوازی دابەشکردنی نیوەی بەکارهێنرا، بۆ زانینی ڕێژەی پەیوەندی نێوان (بڕگە تاکەکان و بڕگە جوتەکان) ڕێژەی جێگیری بەهاوکێشەی پێرسۆن (0.80) دەرچو، پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپیرمان-براون ڕاستکردنەوەی بۆ کراو ڕێژەی جێگیری پێوەرەکە یەکسان بو بە (0.87)، کە ئاماژەیە بۆ ڕێژەی جێگیری بەرز و پلەیەکی بەرز. (عود,2002) جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕێژەی جێگیری قبوڵکراو (70%) بەرەوسەرەوەبێت ئەوا بە پێوەرێکی گونجاو دادەنرێت (مصطفي،2023، 83). بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە شێوەی کۆتای وەرگرتوە.

**ب-هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ:(Cronbach)**: جێگیری بە شێوازێکی تر هاوکێشەی بۆ کرا کە بریتییە لە ئەلفاکرۆنباغ، بۆ پشتڕاستکردنەوەی سەقامگیری پێوەری (تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان) گەیشت بە(0.85) کە ڕێژەیەکی بەرزی متمانەپێکردنە و ئەمەش دڵنیایی دەداتە توێژەر بۆ جێبەجێکردنی لەسەر نمونەی سەرەکی.

**-تایبەتمەندی سایکۆمەتری بۆ پێوەری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی:**

**یەکەم: ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی:**

أ-ڕاستگۆیی ڕواڵەتی: واتە برگەکانی پێوەرەکە پێوانەی ئەو شتە دەکات کە بۆی دانراوە، پێوەری ڕاستگۆی ئەو پێوەرەیە کە پێوانەکاری ڕاسپێردراو بکات نەك پێوانەی شتی تر، توێژەر بۆ دەستکەوتنی ڕاستگۆیی پێوەر برگەکانی پێوەرەکەی بەشێوەی فۆرمێك دابەشکرد بەسەر (9) مامۆستای شارەزا ئەوانیش ڕاوبۆچونی خۆیان لەسەر برگەکانی بۆ پێوانەکردنی (پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی) دەربڕی، دوای ئەم کردارە پێوەرەکە ئامادەکرا بۆ دەرهێنانی جێگیرکردنی. لەخشتەی (5) زیاتر ڕونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(5) بیروڕای شارەزایان دەربارەی گونجان و نەگونجانی برگەکانی(پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی)

| ژ | پێوەر | ژمارەی برگەکان | گونجاوە | | نەگونجاوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی شارەزایان | ڕێژە | ژمارەی شارەزایان | ڕێژە |
| 1 | پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی | 1-28 | 9 | %100 | ......... | %0 |

**ب-شێوازی یەکدەنگی ناوخۆیی**:پەیوەندی نێوان نمرەی برگەکان و کۆی نمری پێوەری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی: پسپۆڕانی پێوانەکردنی دەرونی ئاماژەیان بەوە کردوە کە پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك لە پێوەرەکەدا لەگەڵ پێوەرێکی دەرەکی یان ناوخۆیی نیشاندەری ڕەوایەتییەکەیە. پێوەرە ناوخۆییەکە کاتێك بەکاردێت کە پێوەرێکی دەرەکی لەبەردەستدا نەبێت، توێژەر پەیوەندی نێوان نمرەکانی هەر برگەیەك و کۆی نمرەکانی بۆ پێوەرەکە بەکارهێناوە، بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی پەیوەندی ڕێگەی (پیرسۆن) بەکارهاتوە، توێژەرە پشتی بەنمونەیەکی ڕاپرسی(20)ڕاهێنەر بەستوە. خشتەی(6) ئەمە دەخاتەڕو. خشتەی (6) ڕێژەی پەیوەندی برگەکان بە نمرەی گشتی پێوەری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| ژمارەی برگە | پەیوەست | ژمارەی برگە | پەیوەست | ژمارەی برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **0.830 | 11 | **0.653 | 21 | *0.541 |
| 2 | **0.623 | 12 | *0.535 | 22 | *0.483 |
| 3 | **0.600 | 13 | *0.448 | 23 | *0.438 |
| 4 | *0.448 | 14 | *0.459 | 24 | *0.525 |
| 5 | *0.480 | 15 | *0.495 | 25 | **0.509 |
| 6 | *0.469 | 16 | **0.623 | 26 | **0.541 |
| 7 | **0.509 | 17 | *0.459 | 27 | **0.509 |
| 8 | *0.828 | 18 | *0.459 | 28 | *0.483 |
| 9 | **0.509 | 19 | **0.509 | | |
| 10 | *0.45 | 20 | **0.603 | | |

*/ ئاماژەیە بۆ ئاستی گرنگی (0.05) و **/ ئاماژەیە بۆ ئاستی گرنگی (0.01)

**دوەم: جێگیری پێوەری پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی: توێژەر لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە جێگیری پێوانەکەی پشتڕاستکردەوە:**

**أ-شێوازی دابەشکردنی نیوەی**: بۆ هەژمارکردنی جێگیری پێوانەکە توێژەر (20) نمونەی وەرگرت و شێوازی دابەشکردنی نیوەی بەکارهێنرا، بۆ زانینی ڕێژەی پەیوەندی نێوان برگە (تاکەکان و جوتەکان) ڕێژەی جێگیری بەهاوکێشەی پێرسۆن (0.78) دەرچو،

پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپیرمان-براون ڕاستکردنەوەی بۆ کراو ڕێژەی جێگیری پێوەرەکە یەکسان بو بە (0.82) کە ئاماژەیە بۆ ڕێژەی جێگیری بەرز و پلەیەکی بەرز.

**ب-هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ Cronbach:** جێگیری بە شێوازێکی تر هاوکێشەی بۆ کرا کە بریتییە لە ئەلفا کرونباخ. بۆ پشتڕاستکردنەوەی سەقامگیری پێوەری (پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی) گەیشت بە(0.83) کە ڕێژەیەکی بەرزی متمانەپێکردنە و ئەمەش دڵنیایی دەداتە توێژەر بۆ جێبەجێکردنی لەسەر نمونەی بنەڕەتی.

## تایبەتمەندی سایکۆمەتری پێوەری ڕەفتاری خۆئازاردان:

### یەکەم: ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی:

ڕاستگۆیی رواڵەتی:واتە برگەکانی پێوەرەکە پێوانەی ئەو شتە دەکات کەبۆی دانراوە، پێوەری ڕاستگۆی ئەو پێوەرەیە کە پێوانەکاری ڕاسپێردراو بکات نەك پێوانەی شتی تر، توێژەر بۆ دەستکەوتنی ڕاستگۆیی پێوەر برگەکانی پێوەرەکەی بەشێوەی فۆرمێك دابەشی سەر (9)مامۆستای شارەزا کرد ئەوانیش ڕاوبۆچونی خۆیان لەسەر برگەکانی پێوەری (خۆئازاردان) دەربڕی، دوای ئەم کردارە پێوەرەکە ئامادەکرا بۆ دەرهێنانی جێگیرکردنەکەی. بڕوانە خشتەی (7).

خشتەی ژمارە(7) بیروڕای شارەزایان دەربارەی گونجان و نەگونجانی برگەکانی (پێوەری ڕەفتاری خۆئازاردان)

| ژ | پێوەر | ژمارەی برگەکان | گونجاوە | | نەگونجاوە | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ژمارەی شارەزایان | ڕێژە | ژمارەی شارەزایان | ڕێژە |
| 1 | ڕەفتاری خۆئازاردان | 1-26 | 9 | %100 | ......... | %0 |

**ب- پەیوەندی نێوان نمرەی برگەکان و کۆی نمری پێوەری ڕەفتاری خۆئازاردان:**

پسپۆڕانی پێوانەکردنی دەرونی ئاماژەیان بەوە کردوە کە پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك لە پێوەرەکەدا لەگەڵ پێوەرێکی دەرەکی یان ناوخۆیی نیشاندەری ڕەوایەتییەکەیە.پێوەرە ناوخۆییەکە کاتێك بەکاردێت کە پێوەرێکی دەرەکی لەبەردەستدا نەبێت، توێژەر پەیوەندی نێوان نمرەکانی هەر برگەیەك و کۆی نمرەکانی بۆ پێوەرەکە بەکارهێناوە،بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی پەیوەندی هاوکۆلکەی(پیرسۆن)بەکارهاتوە،توێژەرە پشتی بە نمونەیەکی ڕاپرسی(20)ڕاهێنەر بەستوە.خشتەی (8)ئەمە دەخاتە ڕو.

خشتەی (8)ڕێژەی پەیوەندی برگەکان بە نمرەی گشتی پێوەرەی ڕەفتاری خۆئازاردان

| ژمارەی برگە | پەیوەست | ژمارەی برگە | پەیوەست | ژمارەی برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **0.688 | 10 | *0.737 | 19 | **0.509 |
| 2 | **0.650 | 11 | **0.707 | 20 | **0.603 |
| 3 | **0.740 | 12 | *0.599 | 21 | *0.488 |
| 4 | *0.448 | 13 | *0.499 | 22 | **0.587 |
| 5 | **0.577 | 14 | *0.512 | 23 | *0.438 |
| 6 | *0.553 | 15 | *0.399 | 24 | *0.500 |
| 7 | **0.488 | 16 | **0.612 | 25 | **0.841 |
| 8 | *0.433 | 17 | *0.459 | 26 | *0.418 |
| 9 | **0.533 | 18 | *0.459 | | |

*/ ئاماژەیە بۆ ئاستی گرنگی (0.05) و **/ ئاماژەیە بۆ ئاستی گرنگی (0.01)

**دوەم: جێگیری پێوەری ڕەفتاری خۆئازاردان: توێژەر لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە جێگیری پێوانەکەی پشتڕاستکردەوە:**

**أ-شێوازی دابەشکردنی نیوەی:** بۆ هەژمارکردنی جێگیری پێوانەکە توێژەر(20) نمونەی وەرگرت و شێوازی دابەشکردنی نیوەی بەکارهێنرا، بۆ زانینی ڕێژەی پەیوەندی نێوان(برگە تاکەکان و برگە جوتەکان) ڕێژەی جێگیری بەهاوکێشەی پێرسۆن (0.77)دەرچو،پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی سپیرمان-براون ڕاستکردنەوەی بۆ کراو ڕێژەی جێگیری پێوەرەکە یەکسان بو بە (0.81)، کە ئاماژەیە بۆ ڕێژەی جێگیری بەرز و پلەیەکی بەرز.

**ب-هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ Cronbach:** جێگیری بەشێوازێکی تر هاوکێشەی بۆ کرا کە بریتییە لە ئەلفاکرونباخ، بۆ پشتڕاستکردنەوەی سەقامگیری پێوەری (ڕەفتاری خۆئازاردان) گەیشت بە(0.84)کە ڕێژەیەکی بەرزی متمانەپێکردنە و ئەمەش دڵنیایی دەداتە توێژەر بۆ جێبەجێکردنی لەسەر نمونەی بنەڕەتی.

- **ئامرازە ئامارییەکان:** پاش بەکارهێنانی بەرنامەیی ئاماری (SPSS) ئەم شێوازە هاوکێشە ئامارییانەی خوارەوە بەکارهاتوە:

-بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ دەرهێنانی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی.

- هاوکێشەی هاوپەیوەندی بیرسون Person s Correlation Coefficient بۆ دەرهێنانی ڕێژەی جێگیری.

- هاوکێشەی سپێرمان-براون بۆ ڕاستکردنەوەی جێگیری پێوەرەکان.

-هاوکێشەی ئاماری ئەلفا کرۆنباخ بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ڕێژەی جێگیری بە ڕێگەی دابەشکاری نیوەی.

تاقیکردنەوەی(One sample T-test) بۆ زانینی ئاستی ئاماری نێوان ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ پێوەرەکە

- هاوکێشەی پەیوەندی پیرسۆن person بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان هەردو گۆڕاوەکە.

## بەشی چوارەم: خستنەڕوی ئەنجامەکان و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

### ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی تێکچونی پڕۆسێسە هەستییەکان لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم لەڕوانگەی ڕاهێنەران.

دوای بەکارهێنانی پاکێجی ئاماری (SPSS) و دەرخستنی ناوەندە ژمێری بۆ (تێکچونی پڕۆسێسە هەستییەکان) کە ڕێژەکەی (77.85) بەبەراوردکردنی لەگەڵ ناوەندی گریمانەی کە (60). ئەمەش بۆمان ڕوندەکاتەوە کە ئاستی (تێکچونی پڕۆسێسە هەستییەکان) بەرزە لەلای منداڵانی ئۆتیزم لەڕوانگەی نمونەی توێژینەوەکە،لەهەمانکاتدا بەهای تائی ژمێردراو (7.146) گەورەترە لە بەهای تائی خشتەیی (2.086)، لەبەرئەوە دەڵێین (بەڵگەدارە)، لەخشتەی(9)خوارەوە زیاتر ڕوندەبێتەوە:

خشتەی(9) زانینی ئاستی تێکچونی پڕۆسێسە هەستییەکان لەلای منداڵانی ئۆتیزم

| ژمارەیی نمونە | ناوەندەی ژمێریاری Mean | لادانی پێوەری Std .Deviation | ناوەندی گریمانەیی Test value | بەهایی تائی ژمێردراو T | بەهایی تائی خشتەیی Sig | ئاستی بەڵگەداری (0.05) | نمرەیی ئازاد Df |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 20 | 77.85 | 6.743 | 60 | 7.146 | 2.086 | بەڵگەدارە | 19 |

**شیکردنەوەی ئەنجامی یەکەم:** ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات تێکچونی پڕۆسێسە هەستییەکانی بەپێی ئاستەکانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم کاریگەریان هەیە لەسەر چالاکبونی(هەستی بینین و جوڵە و بیستن و بۆنکردن )، توێژەر وای دەبینێت بونی کێشە لە فرمانەکانی دەماری مێشك کاریگەری هەیە لەسەر شیکردنەوەی زانیاریەکان و دەرئەنجام دەبێتە هۆکاری وەرگرتن و وەڵامدانەوەی هەڵەی نالۆژیکی، بەپێی وەڵامدانەوەی ڕاهێنەران تێکچونی پڕۆسێسە هەستییەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بە ڕێژەیەکی بەرز ئەنجامەکەی لەسەر نمونەکان دەرچوە،بونی ئەم تایبەتمەندییە لە منداڵانی ئۆتیزم وادەکات کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی دروستبکات لەبەر ئەوەی منداڵەکە هەست بە خودی خۆی یاخود ئازارەکانی

خۆی ناکات، دەبێتە هۆی دروستبونی پەیوەندیەکی هەستی نەگونجاو لەگەڵ خودی خۆی و کەسانی ژینگەی دەوروبەری. ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک بو لەگەڵ توێژینەوەی(ابراهیم،2023)و توێژینەوەی(هیام،2023).

**ئامانجی دوەم: زانینی ئاستی پلەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم لەڕوانگەی ڕاهێنەران.**

دوای بەکارهێنانی پاکێجی ئاماری (SPSS) و دەرخستنی ناوەندە ژمێری بۆ (پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی)کە ڕێژەکەی (22.226) بەبەراوردکردنی لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی کە ڕێژەکەی (56) بو ئەمەش بۆمان ڕوندەکاتەوە کە ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی نزمە لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم لەڕوانگەی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها بەهای تائی ژمێردراو ڕێژەکەی (5.400) بو کە لە بەهای تائی خشتەیی گەورترەکە ڕێژەکەیَ(2.086) لەبەرئەوە دەڵێین (بەڵگەدارە)، کەواتە ئاستی گۆڕاوەکە بەرزە لەلای نمونەی توێژینەوەکە، لەخشتەي(10) زیاتر ڕوندەبێتەوە:

خشتەی(10)زانینی ئاستی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بە گشتی.

| ژمارەیی نمونە | ناوەندی ژمێریاری Mean | لادانی پێوەری Std .deviation | ناوەندەی گریمانەیی Test value | بەهایی تائی ژمێردراو T | بەهایی تائی خشتەیی Sig | ئاستی بەڵگەداری (0.05) | نمرەیی ئازاد Df |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 20 | 2.226 | 0.124 | 56 | 6.74 | 2.086 | بەڵگەدارە | 19 |

**شیکردنەوەی ئەنجامی دوەم:** لاوازی پلەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ئاستی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە منداڵی ئۆتیزم پێوەی دەناڵێنێت بەشێکی هۆکاری شڵەژان و نارێکی پرۆسێسە هەستییەکانیانە، لەهەمانکاتدا لە وەڵامدانەوەی چاوپێکەوتنی ڕاهێنەران بۆ ڕاپرسیەکان دەردەکەوێت جیاوازییەکی بەرچاو هەبوە لەنێوان منداڵانی ئۆتیزم بەپێی ئاستیان، باشترین ئاست بۆ پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییان لەبەرژەوەندی ئۆتیزمی ئاست سادەبوە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەپێوەرەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی (ڤاینلاند) دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان ئاستی ئۆتیزم بەتایبەتی. بۆیە منداڵانی توشبو بە ئۆتیزمی سادە ئاستێکی گونجاوی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییان هەیە، کە ڕێگەیان پێدەدات کارلێکی پەیوەندی بکەن و ڕێکخستنی دەرونی کۆمەڵایەتی بەدەستبهێنن بە بەراورد بەمنداڵانی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزمی مامناوەند و توند. ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک بو لەگەڵ توێژینەوەی (صبري و عطاالله،2017) و(عبداللە و ئەوانی تر،2022).

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم لەڕوانگەی ڕاهێنەران**

دوای بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) و دەرخستنی ناوەندە ژمێری بۆ(ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردان) کە ڕێژەکەی(67.22) بەبەراورد کردنی لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی کە ڕێژەکەی (52) بو ئەمەش بۆمان ڕوندەکاتەوە کە ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردان بەرزە لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم لەڕوانگەی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها بەهای تائی ژمێردراو ڕێژەکەی(5.400) بو کە لە بەهای تائی خشتەیی گەورترەکە ڕێژەکەیَ(2.086) لەبەر ئەوە دەڵێین (بەڵگەدارە) کەواتە ئاستی گۆڕاوەکە بەرزە لەلای نمونەی توێژینەوەکە، لەخشتەی(11) زیاتر ڕوندەبێتەوە:

خشتەی(11)زانینی ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزم بە.

| ژمارەیی نمونە | ناوەندی ژمێریاری Mean | لادانی پێوەری Std .deviation | ناوەندەی گریمانەیی Test value | بەهایی تائی ژمێردراو T | بەهایی تائی خشتەیی Sig | ئاستی بەڵگەداری (0.05) | نمرەیی ئازاد Df |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 20 | 67.22 | 6.945 | 52 | 5.400 | 2.086 | بەڵگەدارە | 19 |

**شیکردنەوەی ئەنجامی سێیەم:**ڕەفتاری خۆئازاردان یەکێکە لەو کێشە ڕەفتارییانەی کاریگەری هەیە لەسەر منداڵانی ئۆتیزم بەپێی ئەو ئامارەی کە لە ڕوانگەی ڕاهێنەران لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتوە ڕەفتاری خۆئازاردان وادەکات کە منداڵانی ئۆتیزم زیان بگەیەنن

بە جەستەیی خۆیان و کەسانی دەوروبەریان، بەشێك لە منداڵانی ئۆتیزم کە ڕەفتاری خۆئازاردانیان هەیە هۆکارەکەی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکانە چونکە ناتوانن هەست بە ئازاردانی خۆیان بکەن بەهۆی کێشە لە فرمانی دەماری مێشك، ئەم ئەنجامە بە شێوەیەکی ئاماری ورد تایبەتمەندیەکانی منداڵی ئۆتیزم دەخاتەڕو دوای جێبەجێکردنی لەسەر بنەمای واقیعی مەیدانی لەگەڵ نمونەی تویژینەوەکە، وەکو تایبەتمەندییە ڕەفتارییەکان، هەستیارییەکان و مەعریفیەکان. ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک بو لەگەڵ توێژینەوەی (ابراهیم،2023) و توێژینەوەی (هیام،2023).

**ئامانجی چوارەم: زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان پرۆسێسە هەستییەکان و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری خۆئازاردان**

بۆ زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان توێژەر هەڵساوە بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری پیرسۆن person وەکو لە خشتەی(12) ڕونکراوەتە.

خشتەی(12)زانینی پەیوەندی نێوان پرۆسێسە هەستییەکان و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری خۆئازاردان

| ژمارەی نمونە | گۆڕاوەکان | ئاستی پەیوەندی |
|---|---|---|
| 20 | پرۆسێسە هەستییەکان / پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی | 0.742 |
| | پرۆسێسە هەستییەکان / ڕەفتاری خۆئازاردان | 0.623 |

**شیکردنەوەی ئەنجامی چوارەم**:بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت پەیوەندیەکی پێچەوانە هەیە بەئاستی ئاماژەی(0.05) لەنێوان( تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان و گەشەی کۆمەڵایەتی واتە هەرچەندە تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان زیادبکات لەبەرامبەردا پلەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کارایی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵی ئۆتیزم نزم دەبێتەوە لەبەرامبەردا هەستی دورەپەرێزی و هەستیاری بەرکەوتنی بۆ جیهانی دەورو بەری لەلا زیاتردەبێت، بە پێچەوانەوە بە چالاکبونی پرۆسێسە هەستییەکان ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی باشتر دەبێت و گونجاندنی کۆمەڵایەتی ئاسانتر دەبێت و کارامەیی کۆمەڵایەتی کاراتر دەبێت. ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک بو لەگەڵ توێژینەوەی (صبري و عطالله،2017) و توێژینەوەی (Kojovic et al،2019). سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پرۆسێسە هەستییەکان ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی ئۆتیزم پەیوەندیەکی ئاماری ڕاستەوانە هەیە، واتە هەرچەندە ئاستی تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان زیادبکات لەبەرامبەردا کێشە ڕەفتارییەکان لەلای منداڵانی شەبەنگی ئۆتیزم بەرز دەبێتەوە توشی فشاری دەرونی و ئازاردانی جەستەی خۆی و دەوروبەری دەکات، بەپێچەوانەوە کارایی پرۆسێسە هەستییەکان ئاستی ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی ئۆتیزم نزم دەبێت و هەڵسوکەوت و جۆری ڕەفتارەکانیان پەسەند و گونجاوتر دەبێت و پرۆسەی چاکسازی ڕەفتار ورِ اهێنان لەگەڵیان ئاسانتر دەبێت.ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک بو لەگەڵ توێژینەوەی (ابراهیم،2023) و (هیام،2023).ئەنجامی توێژینەوەکە کۆک نەبو لەگەڵ توێژینەوەی(الحلو،2021).

**ڕاسپاردەکان:**

1-جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی یەکخستنی هەستی (التكامل الحسي) بەڕەچاوکردنی ئاست و قۆناغ و تواناکانی منداڵەکە ڕێکبخرێت، کە دەتوانرێت لە سەنتەرەکان و قوتابخانە و ناوەندە تایبەتمەندەکان و لە ماڵەوەشدا ئەنجام بدرێت لە پێناو پێگەیشتنی توانای کۆمەڵایەتیان.

2- گرنگیدان بە بەرنامەکانی چارەسەری و ڕاهێنان بۆ منداڵانی توشبو بە شەبەنگی ئۆتیزم و بەرنامەکانی هۆشیاری بۆ دایکان و باوکان و پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ ڕاهێنەران و مامۆستایان.

3- دابینکردنی بودجەی پێویست لەلایەنی بەرپرسان و دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان بۆ سەنتەرەکان و قوتابخانەکان بۆ دابینکردنی ئەوکەرستە و ئامرازانەی کە پێویستن بۆچارەسەرکردن و پرۆسەی یەکخستنی هەستی.

4- دابینکردنی کەرەستەی پەروەردەیی و کەرەستەی ڕاهێنانی پێویست بۆ ژوری سەرچاوە لەقوتابخانەکان و سودوەرگرتن لێیان بەباشی، چونکە منداڵی ئۆتیزم پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی مافی فێربونی خۆی بەدەستبهێنێت.

**پێشنیارەکان:**

1- کاریگەری بەرنامەیەك لەسەر بنەمای ستراتیجی یەکخستنی هەستەکان بۆ کەمکردنەوەی تێکچونی پرۆسێسی هەستیاری و کەمکردنەوەی ڕەفتاری خۆئازاردان لەلای منداڵانی شڵەژانی شەبەنگی ئۆتیزمدا بەپێی قۆناغەکانی تەمەن.

2-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاراستەی دایکان و باوکان بەرامبەر بە تێکەڵکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە حکومیەکان

3-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئاراستەی مامۆستایانی ئاسایی بەرامبەر بە تێکەڵکردنی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوتابخانە ئاساییەکان و پەیوەندییان بە گونجانی پیشەیی خۆیانەوە.

4-ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر (تێکچونی پرۆسێسە هەستییەکان)لەلای جۆرەکانی تری خاوەن پێداویستی تایبەت (نابیست، بیرکۆڵ، نابینا).

**سەرچاوەکان:**


مصطفي،کنعان اسماعیل عبدالله(2023)کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کورسی گەرم لەسەر دەستهات لای خوێندکارانی پۆلی هەشتەمی بەرەتی بۆچونیان(ئاراستەیان)دەربارەی بابەتی کۆمەڵایەتی.ماستەرنامە،کوردستان، العراق.

بۆکانی،صابر(2016) میتۆدی توێژینەوەی زانستی،چ1، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

صبري، وعد محمد،و حسن افین کاکل(2025) کاریگەری مۆدێلی Thelen لەسەر دەستکەوتی خوێندن لەبابەتی زانست بۆ هەموان لەلای قوتابیانی پۆلی هەشتەم،گۆڤاری مامۆستا بۆزانستە پیداگۆجیەکان و پەرەپێدانی مامۆستایان-زانکۆی سەڵاحەدین.هەولێر،(2025)1(0);99-75.

إبراهيم، ولاء عبد الغني محمد(2023) اضطرابات المعالجة الحسية وعلاقتها بسلوك إيذاء الذات لدى الطفال الذاتويين،جامعة حلوان .

آيريس،جين آيريس (2016) التكامل الحسي والطفل(ط)،ترجمة غيداء العنزي.(2021)الرياض: فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر.

البهنساوى و عبدالخالق كمال عبد الوهاب، وزيد حسانين زيد(2021) البناء العاملي لمقياس البروفايل الحسي المختصرلدى الأطفال ذوي اضطراب طيف التوحد،بالبيئة المصرية مجلة الدراسات والبحوث التربوية، 1(2) 65-37

جلال، بهاء الدين جلال(2019). الطريق لبناء الإستراتيجيات الحسية)القاهرة: دار العلوم للنشر والتوزيع

الحلو،زينب محمد(2021)(المعالجة الحسية وعلاقتها ببعض المشكلات السلوكية لدى أطفال ذوي اضطراب طيف التوحد)المجلد27.

الزريقات،إبراهيم عبد الله فرج (2006). التوحد الخصائص والعلاج، الأردن وائل للنشر والتوزيع.قاهرة

سكستون،آن سكستون(2002)إيذاء الذات التشخيص الأسباب العلاج(ترجمة حسن عبدالمعطي)(2004)القاهرة دار السحاب للنشر.

سليمان،عبد الرحمن سيد(2012) معجم مصطلحات اضطراب التوحد انجليزي عربي - عربي - انجليزي، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

الشطي، فرح جمال (2017). الخصائص السيكومترية لمقياس تقدير سلوك إيذاء الذات لدى عينة من الأطفال الذاتويين في دولة الكويت. جامعة عين شمس: مجلة الإرشاد النفسي (50).

شقير، زينب محمود (2006). مقياس تشخيص سلوك إيذاء الذات للأطفال العاديين وغير العاديين. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

صبري، ايمان، وعطاالله جمال(2017)التنشئة الاجتماعية لدي الامهات الطفل الذاتوي وعلاقتها بالنصج الاجتماعي لاطفالهن، دراسة لبعض اساليب الوالدية المجلة العربية والدراسات( 6).

عادل عبد الله محمد و محمد و محمد،عبير أبو المجد (2020)مقياس جليام التقديري لتشخيص أعراض وشدة اضطراب التوحد الإصدار الثالث -3- .GARSالإسكندرية، مؤسسة حورس الدولية.

عباس، فيصل (1996) الاختبارات النفسية تقنياتها واجراءاتها.دار الفكر العربي للنشر، بيروت.

عبدلله، أحمد عمر و محمد، عبدالرحمان علي بدوي و الشرسكي، أحمد صابر (2022) أثر اضطرابات المعالجة الحسية على النضج الاجتماعي لدى عينة من الأطفال ذوي اضطراب طيف التوحد بالمملكة العربية السعودية، جامعة الكويت مجلة العلوم الاجتماعية.

علي، سيروان ولي(2024) فعالية برنامج قائم على الاستجابة المحورية في تحسين الاستخدام الاجتماعي للغة والمبادأة الاجتماعية لدى أطفال اظطراب طيف التوحد، مجلة كلية التربية جامعة صلاح الدين.

العمود،رنا بنت عبد السلام بن إبراهيم (2022) التوحد من وجهة نظر التوحديين، الرياض فهرسة مكتبة الملك فهد الوطنية أثناء النشر.

العنزي، ايمان(2013) اثر البرنامج قائم على نظرية التكامل الحسية في التنمية المهارات الاجتماعية و الانجاز الاكاديمي لدي الاطفال ضعاف السمع بالروضة.مجلة البحث العلمي في التربية (14) 1 (851 - 883.)

فيج، هيثر بيرنت (2008)فهم إيذاء الذات، ترجمة خالد خضر، ومنال مصطفي (2022) الجيزة مؤسسة يسطرون للطباعة والنشر والتوزيع.

محمد، عادل عبد الله (2014) إستراتيجيات التعلم والتأهيل وبرامج التدخل القاهرة، الدار المصرية اللبنانية.

المطيري، مريم راهي عبد الله(2012)مدى انتشار الاضطرابات الحسية والحركية وعلاقتها ببعض المتغيرات الديموغرافية لدى الأشخاص التوحديين في دولة الكويت، رسالة ماجستير، كلية الدراسات العليا - جامعة الخليج العربي.

المعطي، حسن مصطفي عبد و قلة، والسيد عبدالحميد(2010) الاضطرابات الانفعالية والسلوكية لذوي الاحتياجات الخاصة،القاهرة.

مكدوجل،كريستوفرج مكدوجل(2016) اضطراب طيف التوحد، ترجمة إبراهيم بن رافع القرني، ومحمد سمير طليمات(2021)الرياض دار جامعة الملك سعود للنشر. الكتاب الأصلي منشور.

هيام، سيد عبدالحميد(2023)مقياس سلوك إيذاء الذات لدي عينة من أطفال اضطراب طيف التوحد، كلية التربية – جامعة عين شمس.

وهبه، محمد صبري (2021)المرجع في التكامل الحسي(النظرية- الاضطراب-التشخيص-طرق التدخل الجيزة)مؤسسة يسطرون للطباعة والنشر

American Psychiatric Association. (2013). Diagnostic and statistical manual of mental disorders (5th ed.). (DSM-5-TR) https://www.psychiatry.org/psychiatrists/practice/DSM

Ganaie, S., Beigh M., Mir, M., Shah, A., Hussain, A, Dar, H., Qadri, S. & Qurashi, K. (2015). Social maturity and problem behavior in children with autism spectrum disorders and intellectual disabilities. Neuropsychiatry, 5(1), 16-24. https://www.autismparentingmagazine.com/autism-social-skills/

Kojovic, N., Hadid, L., Franchini, M., & Schaer, M. (2019). Sensory processing issues and their association with social difficulties in children with autism spectrum disorders. Journal of Clinical Medicine, 8(10), 1-16

Mamić, D. (2014) Social maturity in children and youth with autistic spectrum disorders and children and youth with intellectual disabilities. 42(1), 21-32.

Sankar, U. (2015).Effect Sensory Integration Therapy on Self-Stimulating and Self-Injurious Behaviors in Children with Autism: A Pilot Study. International Journal of Science and Research (IJSR). ISSN (Online).2319-7064. www.ijsr.net Licensed Under Creative Commons Attribution CCBY.

VandenBos, G. R. (2015). Dictionary of Psychology. 2Ed. Washington, DC: American Psychological Association

Tavakoli, F., Hosseini, S. & Karimi, L. (2018). The Effect of Social Story Telling on Motor Skills and Verbal Communication among the Children and Adolescents (5-17Years Old) with Severe Autism Spectrum Disorder. Report of Health Care Journal, 1(2), 28- 37.